# مەرزەی شیرین سەلام!

مەسعودی فەریقی
٢٠٠٥/٠٩/١٩

مەرزەی شیرین سەلام!
هاوڕێم، گوڵم سەلام!
چۆن بتوانم لەم زەمینە دوورەوە بتدوێنم؟
گوڵی من، لێرەوە، لەم سەر زەمینە نزمەوە، چۆن دەنگم بگاتە ئاسمانی بەریین؟
دوێنێ هەر تەلەفۆنەڕێیەك لێم دوور بوویت. ژمارەیەكم لێ دەدا و تۆ لەو بەرەوە وەڵامت دەدامەوە: "ها مەسعود گیان بڵێ!"
ڕۆژانی بەختەوەرییم دیدارت دەقیقەڕێ بوو، ملیۆنان جار تەنیا باوەشەڕێیەك لێم دوور بوویت.
باوەشی تۆ مەرزە گیان.
باوەشی گەرمی تۆ، باوەشی خوشكی گەورە، باوەشی دایكی سێ منداڵ، باوەشی دایكی دڵنیا، ماردین و كاردۆ، باوەشی ژنەپێشمەرگەیەك، باوەشی ژنەئاوارەیەك، باوەشی ژنەهۆزانێك، باوەشی دڵێكی پڕ لە شیعر، باوەشی دڵێكی پڕ لە خەمی نیشتمان، باوەشی دڵێكی پڕ دەریایەك فرمێسك، پڕ دەریایەك خۆشەویستی...
باوەشی گەرمی تۆ مەرزە گیان.

لە گوناهەكانم ببوورە، مەگەر لە كیسخۆدانی باوەش تاوان نییە؟
بم بوورە كە سەدان ملیۆن جار باوەشم نەگرتوویت، ئاخر چی بكەم، پێموابوو خوشك خۆرێكە ئاوا نابێت، وام دەزانی خوشك كێوێكە هەرەس ناهێنێت، هەروا سووك و هاسان پێموابوو قاقای پێكەنینێكی بەردەوامیت...
هاوڕێم، چوزانم، لە كوێ بزانم كە تەمەنی نێرگسی مەستت پەپوولە تەمەنێكە، زەردەخەنەی منداڵێكی ناو لانكە، تریقاندنەوەی قاقای پێكەنینی دوو منداڵە كە بە سێبەری خۆیان پێ دەكەنن.

ماڵت ئاوا كە ماڵت ئاوا كردم
ماڵت ئاوا كە ماڵت ئاوا كردین

شیوەنی من بۆ تۆ، هەروەك شیوەنی زاری هێمن و دەنگی تۆ "شیوەنێكی ئینسانییە".
دەزانم مەریوانی لانك، هەروەك سنەی باوەش، هەروەك مهاباد، بۆكان و بانە و سلێمانی و هەولێر و دهۆك و دیاربەكر و قامیشلی ئەم شەوانە بێشكەی خاڵی ڕادەژێنێت.
دەزانم هەموویان "سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی" خۆیانت پێشكەش دەكەن و لەبەر خۆیانەوە دەیڵێنەوە.
دەزانم هەروەك من شانازی بە ڕاوەستانی ژنانەت، بە سنگی بەرز و سەری بڵندتەوە دەكەن.
خوشكی شیرینم مەرزە گیان، بەڵام چی بكەم كە ناخی دەروونم ئاوری گرتووە؟

با باڵی پەپوولەی ڕۆحت لە سەر نەرمە بای دەنگی خۆت بەرەو ئاسمانی كوردستان هەڵفڕێت، با پەپوولەی ڕۆحی بێگەردت لەسەر شەپۆلی شیعری ناسكی كوردیی ڕووەو هەوارگەی هاوڕێیانی شەهید ببزوێت، با ئەسپی گەردنبەرزی هەمیشە زینكراوت لە مەیدانی ئازادیخوازیی لەگەڵ سوارانی مەریوان چوارناڵە مژدەی "كوردینە كاتمان كاتە" بگەیەنێتە كەشكەڵانی فەلەك.

خوشكێ گیان، مەرزەی شیرینم،

با دڵی ناسکت لە مستی خۆشەویستیمدا بێت، با لە ئامێزی گەرمی وەفامدا بحەوێتەوە، خۆت دەزانی چەند مایەی شانازییمیت، با دوا هەناسەی گەرمی خوشکایەتی و هاوڕێیەتیت ئەو یادگارییە بێت کە هەر ئێستا بە پێوە ڕای گرتووم.

گوڵی دڵم، مەرزە گیان،
سوپاس بۆ ٤٧ ساڵ هاودەمییت، بۆ سێ گوڵی ناو هەمیشەبەهارت، بۆ دەریایەك یادگاریی وەك خۆت شیرین.
ئاخ لە دەست مەرگی بێوادە و سەفەری ناوەختت.
داخ لە خەزانی ئەم پاییزەت.

ماڵت ئاوا کە ماڵت ئاوا کردم
ماڵت ئاوا کە ماڵت ئاوا کردین